https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.3

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# لوڕەکان لای شەرەفخانی بدلیسی

د. تارا عبدالله سعید
کۆلیجی زمان- بەشی زمانی کوردی-زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراو خۆی لە خۆیدا کارێکی دوور لە سیاسەتە، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد، بمانەوێت و نەمانەوێت، ئۆتۆماتیکی ئەبێت بە مەسەلەیەکی سیاسی، چونکە نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە ڕووی سنوری سیاسیەوە یەکلانەبۆتەوە، هەر بۆیە پێویستە بە مەبەستی ئاسانکردنی کاری ساخکردنەوەی سنوری وڵاتی داهاتومان، هەوڵێکی زۆر بدەین لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا.

دیارینەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە سەر بنەمایەکی زانستی پێش دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەبێتە هۆی دروستبوونی بناغەیەک بۆ ناکۆکی لە نێوان قسەکەرانی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا، کە ئەگەری لێکەوتنەوەی شەڕی ناوخۆی هەیە.

دیالێکتی لوڕی لە لایەن هەندێک مێژوونووس و زمانەوانەوە، بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی دانراوە، بەهۆی بوونی ژمارەیەک لە وشەی هاوبەش، هەروەها لێکچوونی هەندێک یاسای داڕشتنی ڕستەوە، کە ئەم دوو دیاردەیە زۆر باون و تەنانەت بەربڵاویشن لە نێوان زۆر لە زمانەکانی جیهاندا، خۆ ئەگەر هەر زمانی فارسی خۆی بە نمونە وەرگرین، ئەوا سەدان وشە و زاراوەی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و تورکی و ئازەری و .... هتد تێدایە، تێبینی دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە بە زمانێکی سەربەخۆ لە قەڵەمدراوە، گوایە چۆن زمانی کوردی و زمانی فارسی ئامۆزان (سەر بە یەک خێزانە زمانن) هیندۆ ئەورووپین، ئەوا لوڕیش ئامۆزای سێیەمە و سەر بە هەمان خێزانە زمانە.

شــــەرەفخانی بدلیســـــی لە شـــاکاری شـــەرەفنامەدا، بە شـــێوەیەکی زانستیانە و بە پێی مێژوو جێگای دیالێکتی لوڕی دیاریکردووە کە چۆن ناوچە جوگرافییەکەی دیاریکردووە، هەوڵیداوە ڕاستییەکان وەک خۆی بخـــاتەڕوو ســـەبارەت بە هەژمـــارکردنی ئەو دیـــالێکتە بە یەکێـــک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچونە کە لەلایەن چەنـــد کەســـانێکەوە بـــۆ مەبەســـتی تـــایبەتی و سیاســـی خستویانەتەڕوو.

**وشــە کلیلییەکــان:** لورەکــان، شــەرەفخانی بدلیســـی، شــەرەفنامە، دیالێکتەکان، دیالێکتی لوری.

## لوڕەکان لای شەرەفخانی بدلیسی

## پێشەکی

سروشتی هەموو زمانێکی زیندوو وا گونجاوە، کە لە چەند زارێک (دیالێکتێک) پێکهاتبێت. زۆربەی زمانە نزیکەکان لە یەکترەوە لە ڕووی جوگرافییەوە ئەگەڕێنەوە بۆ یەک خێزانی زمان، هەر زمانەش لە چەند دیالێکتێک پێکهاتووە، بارودۆخی سیاسیش هەمیشە لە گۆڕاندا بووە بە درێژایی مێژوو، هەر ئەمەش بۆتە هۆی تێکچڕژان و تێکەڵ بوونی هەندێک لە زارەکانی زمانە جیاوازەکان، بە جۆرێک کە تەنانەت هەندێ زار بۆتە قوربانی و ناسنامەی بزر بووە و بۆتە مایەی ململانێ لە نێوان میللەتانی دراوسێدا، هەروەک ئەوەی بە سەر دیالێکتی لوڕیدا هاتووە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا.

لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراو خۆی لە خۆیدا کارێکی دوور لە سیاسەتە، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد، بمانەوێت و نەمانەوێت، ئۆتۆماتیکی ئەبێت بە مەسەلەیەکی سیاسی، چونکە نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە ڕووی سنوری سیاسیەوە یەکلا نەبۆتەوە، هەر بۆیە پێویستە بە مەبەستی ئاسانکردنی کاری ساخکردنەوەی سنوری وڵاتی داهاتومان، هەوڵێکی زۆر بدەین لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا.

دیارینەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە سەر بنەمایەکی زانستی پێش دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەبێتە هۆی دروستبوونی بناغەیەک بۆ ناکۆکی لە نێوان قسەکەرانی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا، کە ئەگەری لێکەوتنەوەی شەڕی ناوخۆی هەیە.

ئەم کارە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردە بە گشتی و زمانەوانان و مێژوونووسـان بە تـایبەتی، لە ڕێـگەی گێڕانـی کـۆڕەوە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی تـاکی کـورد، یـاخود لە ڕێـگەی کۆنفرانسـی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها چەندین ڕێگەی تر وەک کردنەوەی بەشێک لە ئەکادیمییای کوردی لە هەولێر و ڕاسپاردنی کۆمەڵێک پسپۆڕ بۆ کارکردن لە سـەر کـۆکردنەوەی دیالێکتەکـان و سـەلماندنی کـوردێتی بونیـان و جەختکردن لە سەر ئەم ڕاستییە، مەترسییەکی تر ئەوەیە زۆربەی زازاکان و لوڕەکـان باوەڕیـان وایە کە ئەوان میللەتێکـی سـەربەخۆین و بە ڕەگەز هیندۆ ئەورووپین و وەک نەتەوەی فارس ئامۆزای کوردن، واتە کورد نین.

باسـی لـوڕ و لوڕسـتان یەکـێکە لەو بابەتـانەی کە پێویسـتییان بە ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەیە، چونکە بە ڕاستی کەم کەس لە دەرەوەی لوڕستان، ئەم باسەی کردووە، ئەو کەسانەی لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامـداوە ژمارەیـان دیـاریکراوە. ئەوەی ئاشکراشـە لە نـاو جەرگەی لوڕستان خۆشیدا هەرگیز زەمینەیەکی نەتەوایەتیی وا دروست نەبووە کە ڕێگە بدات خەڵکی ناوچەکە خۆی لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکەن.

دیـالێکتی لـوڕی لە لایەن هەنـدێک مێژوونـووس و زمـانەوانەوە، بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی دانراوە، بەهۆی بوونی ژمارەیەک لە وشەی هاوبەش، هەروەها لێکچوونی هەندێک یاسای داڕشتنی ڕستەوە، کە ئەم دوو دیاردەیە زۆر باون و تەنانەت بەربڵاویشن لە نێوان زۆر لە زمانەکـانی جیهانـدا، خـۆ ئەگەر هەر زمـانی فارسـی خـۆی بە نمـونە وەرگرین، ئەوا سەدان وشە و زاراوەی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و تورکی و ئازەری و .... هتد تێدایە، تێبینی دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە بە زمـانێکی سـەربەخۆ لە قەڵەمدراوە، گـوایە چـۆن زمـانی کوردی و زمـانی فارسـی ئامۆزان (سـەر بە یەک خێزانی زمـانن)

هیندۆ ئەورووپین، ئەوا لوڕیش ئامۆزای سێیەمە و سەر بە هەمان خێزانی زمانە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ڕای یەکەم نوسەری یەکەم سەرچاوە کە دیالێکتەکانی زمانی بە پێی ناوچە کوردنشینەکان دابەشکردووە.

شەرەفخانی بدلیسی لە شاکاری شەرەفنامەدا، بە شێوەیەکی زانستیانە و بە پێی مێژوو جێگای دیالێکتی لوڕی دیاریکردووە.

باسەکە سەرەتا بە کورتی ژیاننامەی شەرەفخان ئەخاتەڕوو، پاشان کورتە باسێک لە سەر زمان و دیالێکت بە شێوەیەکی گشتی کراوە. ئەمانە لە بەشی یەکەمدا.

هەرچی بەشی دووەمە بە درێژی باس لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی ئەکات، لە دیدی شەرەفخانی بدلیسییەوە. بە تایبەتی دیالێکتی لوڕی، کە چۆن ناوچە جوگرافییەکەی دیاریکردووە، هەوڵیداوە ڕاستییەکان وەک خۆی بخاتەڕوو سەبارەت بە هەژمارکردنی ئەو دیالێکتە بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچونە کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە بۆ مەبەستی تایبەتی و سیاسی خستویانەتەڕوو.

## لوڕەکان لای شەرەفخانی بدلیسی

## ژیاننامەی شەرەفخانی شەمسەدینی بدلیسی (بتلیسی)

شەرەفخانی شەرەفەدینی کوڕی شەمسەدینی بدلیسییە، یەکێکە لە میرەکانی کوردی بدلیسییەکان، لە پاڵ ئەوەشدا سیاسەتمەداریش بووە.

شەرەفخان ناوبانگی بە مێژوونووس دەرکردبوو، کتێبەکەی بە ناوی شەرەفنامە کە بە زمانی فارسی نووسراوە، بە گرنگترین سەرچاوەی مێژوویی دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شەرەفخان لە (١٥٤٣/٢/٢٥) لە گوندی گەرمەڕووی سەر بە شاری قوم لە ئێران لە دایک بووە، لە دیوەخانی شا تەهماسپی یەکەم لەگەڵ کوڕەکانی، تا ساڵی (١٥٧٦) ژیاوە، هەر لەم ساڵەشدا شا ئیسماعیلی سەفەوی نازناوی میری میرانی پێ بەخشیوە.

لە ساڵانی (١٥٩١-١٥٩٢) دەستیکردووە بە نووسینی شەرەفنامە، لە (١٥٩٧) تەواوی کردووە و لە ساڵی (١٠١٢)ی کۆچی بەرانبەر (١٦٠٣)ز لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

کۆنترین وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ زمانی تورکی بووە، جارێک بە وردی و جارێک هەمووی بە درێژی لە ساڵی (١٠٧٨) کۆچی، لە لایەن محەمەد بەگی ئەحمەد بەگی میرزاوە.

دوای دوو سەد ساڵ، مەلا مەحمودی بایەزیدی، بەشی یەکەمی کرد بە زمانی کوردی لە ساڵانی (١٨٥٨-١٨٥٩)دا، بە مەبەستی هاندانی ڕۆژهەڵاتناسی تایبەت بە کورد (ئەلکسەندەر ژابا) کە توانی هەر لە ڕێی بایەزیدەوە چەند دەستنووسێکی کوردیی گرنگی دەست کەوێت، کە ئێستا لە کتێبخانەی گشتی (لینینگراد)ن.

لە ساڵانی (١٨٦٨-١٨٧٥) لە نەمسا وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئەڵمانی و دواتر پرۆفیسۆر (ف. ب. شارموا) هەمووی وەرگێڕاوە بۆ زمانی فەرەنسی، لە ساڵی (١٩٦٧)یشدا کراوە بە روسی، دواتر لە ساڵی (١٩٥٢)دا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی کردوویەتی بە کوردی.




**بەشی یەکەم:**

لوڕەکان دانیشتوی بەشی باشوری کوردستانی ئێرانن، کە ناوچەیەکی شاخاوییە، لە کەوانەی شاخەکانی زاگرۆسدایە، سەرەتا لە شاخەکانی کرماشان لە باکورەوە هەتا باکوری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی فارسی درێژ دەبێتەوە[1].

ڕۆژهەڵاتناسەکان، یەکەم کەس بوون کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کورد ئەنجامداوە لە هەموو لایەنێکەوە، یەکێک لەو لایەنانەش زمانی کوردی و زارەکانیەتی. تەنانەت هەندێک لەو لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانانەی لە لایەن ڕۆشنبیرەکانی کورد خۆیەوە ئەنجامدراون، بە هاندانی ڕۆژهەڵاتناسەکان بووە، وەک وەرگێڕانی (شەرەفنامە) لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی

کـوردی، لە لایەن (مـحەمەد بەگـی کـوڕی ئەحـمەد بەگـی میـرزا)وە، بە هانـدانی ڕۆژهەڵاتنـاس (ئەلەگزەنـدەر ژابـا) لە سـاڵی( ١٦٦٧-١٦٦٨)ی زاینی[٢]. (ئەدمۆنز، مەکەنزی، ریچ، ژابا، گارزۆنی.... و کەسانی تریش) لە سەر کوردییان نووسیوە، جا ئەگەر تەنیا بۆ مەبەستی زانستی بوو بێت، یان بۆ مەبەستی هەواڵگری بۆ حکومەتەکانی خۆیان بوو بێت.

دوای ئەم کـارانەی ڕۆژهەڵاتناسـەکان ئەنجامیانـداوە، چەنـدین لێکـۆڵینەوەی تـر لەم بـارەیەوە، لە لایەن رۆشـنبیرانی کـورد و تەنـانەت عەرەبیشەوە ئەنجامدراون، هەمویان سوودیان لەو سەرچاوانە وەرگرتوە، لە ڕاسـتیدا هـیچ شـتێکی نوێیـان نەهێنـاوە. مامۆسـتایان (تۆفیـق وەهبـی، ئەمـین زەکـی بەگ، کەمـال فوئـاد، زبێـر بـیلال، فوئـاد حەمە خورشـید، نـیعمەت عەلـی سـایە، ....). لەسـەر شـوێن و ژمـارەی زارەکـانی زمـانی کوردی، کاری زۆر گرنگ و بە سوودیان ئەنجامداوە کە ئەمڕۆ بوون بە سـەرچاوە بـۆ لێکۆڵینەوەکـانی سـەردەم، بەڵام کۆنترینیـان لەم بـارەوە شەرەفنامەیە، بۆیە بە پێویستمان زانی بە کورتی زارەکانی زمانی کوردی و چـۆنێتی دابەش بـوونی جوگرافیـان بە سـەر خـاکی کوردسـتاندا، لە ڕوانگەی شەرەفخانی بدلیسییەوە بخەینەڕوو.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی شەرەفنامە، بە کورتی هەندێک نمونە لە شـێوەی دابەشـکردنی زارەکـان لە لایەن ڕۆشـنبیر و زمـانەوان و مێژوونووسەکانی کوردەوە ئەخەینەڕوو، تەنیا بە مەبەستی بەراوردکردن لەگەڵ شەرەفنامەدا.

(تۆفیـق وەهبـی) بیـروڕای (شـەرفخانی) شـیکردۆتەوە و دیـالێکتە بچوکەکانی دیاری کردووە، ئەمە ڕەنجی ساڵەهای ساڵی (تۆفیق وەهبی) بووە. لە مەیدانی زمانی کوردیدا بە تایبەتی ئەو زنجیرە وتارانەی کە لە

گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردوونەتەوە بە ناوی (بنج و بناوانی زمانی کوردی).

لە ساڵی (١٩٥١) پوختەی کارەکانی لەبارەی زارەکانی زمانی کوردی لە کتێبی (ئەشکەوتەکەی گوندۆک) بڵاوکراوەتەوە کە بەم جۆرەیە:




جەمال نەبەز لە (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا، بەم شێوەیە زمانی کوردی دابەش کردووە:

### أ- دوو شێوە بنچینەییەکە:

١. کرمانجی ژووروو: (زارەکانی بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی) دەگرێتەوە.

٢. کرمانجی نێوەڕاست: (زارەکانی سلەیمانی، موکری، سنەیی، ئەردەڵانی، کەرکوکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، شارباژێڕی) دەگرێتەوە.

**ب- دوو شێوه لاتەنیشتەکە:**

١. کرمانجی ژێرو: (کە زارەکانی فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، هەندێ لەو زارانەی بەشێوەی (لوڕی) لە قەڵەم دەدرێن) دەگرێتەوە.

٢. کۆمەڵەی شێوەی گۆرانی- زازایی:

- گۆران (زاری هەورامان، ناوچەی زەنگەنە، زاری ناوچەی کاکەییەکان لە کەرکوک) قسەی پێ دەکەن (کە (ماچۆ) شی پێ دەڵێن) دەگرێتەوە.

- زازایی (ناوچەکانی ئەلەزیز، دێرسیم، خەربوت، مەعدن و ناوچەکانی دیاربەکر، قولب، هێنە، پیران، چێرمووک و لە ئورفە سیوێرەک) دەگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی زارەکانی زمانی کوردی دەکرێت بە چوار بەشەوە، هەندێکیان گرنگترن لەوانی تر لە ڕووی ژمارەوە.

١. کرمانجی (کوردی) ژووروو (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، ...هتد).

٢. کرمانجی ناوەڕاست (موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی، ...هتد).

٣. گۆران و زازا.

٤. کرمانجی خواروو (لوڕی، لەکی، کەڵهوڕی، بەختیاری، مامەسێنی، فەیلی، ...هتد).

**بەشی دووەم:**

(شـەرەفنامە) یەکەم سـەرچاوەیە لە بـارەی مێـژووی کـوردەوە کە کورد نوسیویەتی با بە (فارس)یش بێت، هەروەها یەکەم سەرچاوەیە کە دیالێکتەکـانی زمـانی کـوردیی بە سـەر کـردۆتەوە و دابەشـی کـردووە، (شەرەفخان) دیالێکتەکانی کوردیی بەم جۆرە دابەش کردووە:

یەکەم: کرمانج

دووەم: لوڕ

سێهەم: کەلهوڕ

چوارەم: گۆران

هەموو ئەو دابەشکردنانە چەند فراوان بن یان جیاواز بن لەو سنورە ناچنە دەرەوە، کە ئێستا باسەکەی ئێمە لە بارەی لوڕەوەیە.

دەبـێ بە پەرش و بـڵاوی و بە (کـۆ) سـەیری ئەو شـوێنانەی شەرەفنامە بکەین کە باسی (لوڕ)ی تێدایە.

لە بەنـدی سـێهەمدا کە باسـی فەرمانڕەوایـانی فەزلەویـیە (فچلـویە) دەکات دەڵێت بە لوڕی گەورە بە ناوبانگن. ئەمە واتە ئەم بە کورد زانینەی لوڕی گەورە جیایە لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی لەمەودوادا کە تەنیا لوڕی بچـووک بە کـورد دەزانـن. شـەرەفخان دەڵێت لە کتێبی (زبـدە التـوازیخ)دا نووسراوە کە ئەوانە ناوی لوڕیان بە سەردا براوە لە مەڵبەندی (مانڕود) گوندێک هەیە ناوی (کورد)ە، لە نزیک ئەو گوندەوە دەربەندێکە بە لوڕی پێی دەڵێن (کول)، لە ناو دەربەندی (کول)یشدا شوێنێک هەیە (لوڕ)ی پێ

دەڵێن، چونکە بنچەکەی ئەو هۆز و تیرانە لەو شوێنانە بووە ناوی خۆیان ناوە (لوڕ). لەمەڕ ناوی (لوڕ)ەوە چەند باس و خواسێکی تریش هەیە(شەرەفنامە هەژار، ل٦٢)، بەڵام چونکە بۆ توێژینەوەکە گرنگ نییە، لە نوسینیان خۆدەبوێرم، شەرەفخان درێژە بە دابەشکردنەکەی دەدات و دەڵێت: مەڵبەندی لوڕستان دەکرێت بە دوو بەشەوە: **لوڕی گەورە و لوڕی بچووک.**

گوایە دوو برا هەبوون و پێکەوە ژیاون و لە دەوری (٣٠٠ ک = ٩١٢م) فەرمانڕەوای خاکی لوڕستان بوون فەرمانڕەوای لوڕستانی گەورە ناوی بەدر بوو، لوڕستانی بچوکیش براکەی تر بە سەری ڕادەگەیشت کە پێیان دەگوت: (أبو منصور) .

بەدر بۆ ماوەیەکی زۆر مەزنایەتیی ناوچەی خۆی کردووە و کە ئەویش مردووە (نصرالدین محمد) کوڕی هیلال کوڕی بەدر کە نەوەی بووە جێگەی باپیری گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەی باسەکەی ئێمە لەبارەی زمان و دیالێکتی لوڕەوەیە، بۆیە بە کورتی مێژووەکەی دەیخەینەڕوو.

شەرەفخان یەکە یەکە باسی میرەکانی لوڕستان دەکات بە (نصرالدین محمد کوڕی هیلال کوڕی بەدر) دەست پێ دەکات لە شەرەفنامەی هەژاردا لە پەراوێزدا نوسراوە. (ئەمین زەکی لە (تأريخ الدول والامارات الكردية)دا دەڵێ: نصرالدین نەوەی بەدر لە لوڕستانی گەورە جێگەی باپیری گرتەوە، لەو سەردەمەدا نیوەی لوڕستان بە دەست کوردەکانی شدلەوە بوو سەرۆکیان صیف الدین بوو گوایە بنەماڵەیان لە ڕۆژگاری ساسانیانەوە هەر فەرمانڕەوا بووە[٣].

پاشان شەرەفخان دێتە سەر باسی ئەبو تاهیری فەزلەوی و بە درێژی باسی بوون بە میری ئەو دەکات، لە ئەبو تاهیرەوە زۆر درێژتر

دەکەوێــتە باســی هەزار ئەســپ (هەزار أصــف)، ئەوەی دەیگــڕێتەوە لە حیکـایەتێکی درێـژ و چیـرۆک ئـامێز دەچێـت. ئەگەر کـوردییەکەی هەژار لەگەڵ فارسیەکەی شـەرەفخاندا بەراورد بکەین هەندێ دەست تێوەردانی هەژارمـان بـۆ دەردەکەوێت. پاش هەزار ئەسـپ باسـی تـوکیلەی بـرای و هاوکاری لەگەڵ تەتەردا و هـاتنی بۆ سـەر بغداد دێت و پاشـان لە باسـی کوشـتنی بە دەسـتی تەتەر، باسـی هۆلاکۆ دەکرێت لە تەورێز و مـانەوەی لوڕسـتان بە دەست کوردەوە و باسـی هـاتنی (ئەتابێڵ شـەمسـەدین ئەلـپ ئەرغون)ی برای دەکرێ کە لە ڕۆژانی ئەودا لوڕستان گەشـەی سـەندووە. شەرەفخان باسی یەک لە دوای یەکی فەرمانڕەوایانی لوڕسـتان دەکات کە کورد بوون، بەڵام بە فەرمانڕەوای خێڵی (هۆلاکۆ) دادەنران لەوانە یوسـف شاکوڕی ئەلپ ئەرغون و ئەتابێک ئەفراسیابی کوڕی.

شـەرەفخان بە درێژی باسی ئەم ئەفراسـیابە دەکات، هەروەهـا باسـی لایەنـی نەترسـی و دڵڕەقیـی ئەو لەگەڵ مەغـۆل و کـورددا دەردەخـات و باسـی لەگەڵ مەغـۆل بـوون و دژ بوونیـان دەکـات، ئەوەش دەنوسـێ کە ئەفراسیاب سەربەخۆیی خۆی، واتە (لوڕسـتان)ی ڕاگەیاندووە دوایی هەر بە دەسـتی مەغـۆل دەکـوژرێ. باســی ئەم ئەفراســیابە بـۆ نووســینی (دراما)یەکی پڕ ناوەڕۆدات دەست دەدات.

پاش ئەوە باسی ئەتابێک نصرالدین ئەحمەد کوڕی یوسـف شـا دێت. شـەرەفخان بە کورتی باسـی پیاوچاکی و زانستدۆستی ئەم (نصـرالدین)ە دەکــات. ئەوانەی پەراوێزیــان بــۆ وەرگێــڕانەکەی هەژار نوســیوە لەوە دەدوێن کە حافزی شیرازی کوردە و لە لوڕستانەوە چۆتە شیراز و چەند دێڕێکی ستایشی حافز بۆ ئەم ئەتابەگە کوردە تۆماردەکەن:

**"گرنبودی شاه یحیا نصرالدین أزکرم**

**فلک جبینه کش شاه نصرالدین أست"(هەژار: ل ٧٨).**

پاش ئەمە باسی چەند فەرمانڕەوایەکی ئەو بنەماڵەیە و ماوەی فەرمانڕەواییان دەکات. کۆتایی ئەو باسە بە دێڕەشعرێک دێنێت کە هەژار بەم چەشنە کردوویەتی بە کوردی.

گێلی لات وابێ ژیان هەر بۆ لایەکە

تا ماوی کۆنەفرتۆڵی جیهان هەرتاوەی بۆ زاوایەکە

بەمە بەندی سێیەم تەواو دەبێت و شەرەفخان دێتە سەر فەرمانڕەوایانی لوڕی بچووک.

شەرەفخان باسی تیرەکانی لوڕی بچووک دەکات و ناویان دەبات، ئەوە دەردەخات کە هەندێکیان لوڕی ڕەسەنن و هەندێکیان لوڕی ڕەسەن نین، بەڵام کە دێتە سەر باسی فەرمانڕەواکانیان دەڵێ: (هۆزی جەنگوڕی کە فەرمانڕەواکانی لوڕی بچووک لەوانن و لە لورە ڕەسەنەکانن و دەچنە سەر تیرەی (شەلبۆری)).

پاشان ناوی تیرە ڕەسەنەکانی کورد دەبات و باسی ئەو تیرانە دەکات کە لوڕ نین و بە لوڕی دەدوێن، دەڵێ: هەتاساڵی (٥٥٠ ک = ١١٥٥م) لوڕەکان سەربەخۆیان لە خۆیانەوە بووە و هەر ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی خەلیفەی بغدادا بوون، دوایی باسی ئەوە دەکات کە چۆن لوڕەکان کاریان دەگرتەوە دەست.

شەرەفخان باسی سەرکردەکانی تری لوڕ دەکات وەک (حسامەدین شوهلی، شجاع الدین رشید، شەرەفەدین ئەبوبەکر کوڕی نورالدین محمد،

عزالدين گرشاپس كوڕی نورالدين محمد، حوسامه الدين خليل بدرالدين مسعود) و ئەوانی تر تا دەگاتە ئەغدەر كوڕی شا ڕۆستەم بە دەم باسی هەر شايەكەوە شتێك لە بارەی مەردی و ئازايەتی و ساعنی دەنوسێ و كۆمەڵێك ڕووداو دەگێڕێتەوە و باس لە هەندێ شەڕی لوڕەكان دەكات.

شەرەفخان لە كونجی مێژووەوە باسی لوڕستان و ميرانی لوڕی كردووە. ئەوەشی نەكردووە كە لوڕی گەورە و بچووك لە يەك جيابكاتەوە، بەڵكو دیارە هەردووكیان بە كورد دەزانێ، نەك هەر باسی زمانی كردووە، بەڵكو لەوەش زياتر لە سەرەتادا لوڕی بە دیالێكتێكی كوردی داناوە، نە هەژاری وەرگێڕی شەرەفنامە بۆ كوردی، كە نابێ نەڵێين كورديزان بووە، و نە ئەوانەی پەراوێز و پێشەكييان بۆ وەرگێرانی كوردی و عەرەبی شەرەفنامەی نووسيەوە نەچوونەتە ناو لێكدانەوەی زمانەوە، هەرچی (محمد ئەمين زەكی)يە كە پاش شەرەفخان بە دووەم باوكی مێژوونووسی كورد دەزانرێ چەند زمانيشی زانيوە و بە ئەركی ڕەسمی چۆتە لوڕستان و ئەو لە پاڵ مێژوودا باس لە زمانيش دەكات و چەند نەخشە و بەراورديشی بۆ تۆماركردووين (محمد ئەمين زەكی) هەر كە باسی جوگرافيای كوردستان دەكات لە سنوری عێراقی عەجەميدا (لوڕستانی گەورە و لوڕستانی بچووك) دادەنێ.

واديارە ئەميش وەك شەرەفخان وايە وەك هەندێك نين كە گەورە كورد نەزانن، چونكە شەرەفخان لای وايە كە دوو برا هەريەكەيان لوڕستانێكی بە ميرنشينێتی يەكێكيان دەزانێ. هەروەك پشت بە نووسينی چەند ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژهەڵاتيانسيش بە بەشێكی كوردستان دادەنێ.

كە دێتە سەر باسی لوڕ پشت بە تأريخ گەزيدەی حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوێنی ئيستەحزی ياقووتی حەمەوی، لوڕ بە كورد دادەنێ لە

ڕووی ئاینزا (مەزهەب)ەوە باسی مامەسانی کدە گلەی بەختیاری دەکا و دێتە سەر لەک کە گومان لە کوردێتیاندا نییە.

محمد ئەمین زەکی ئەو بۆچوونەی هەندێ ڕۆژهەڵاتناس ڕەتدەکاتەوە کە پێیان وایە لوڕی و فارسی لە یەکەوە نزیکن، لوڕ دەکەن بە فارس، دوو بەڵگەی پتەو بۆ کوردێتی لوڕ دەهێنێتەوە: یەکەم ئەوەیە کە دیالێکتی بەشی چوارەمی لوڕ (لوڕی ڕەسەن – فەیلی) کە لە کوردییەوە نزیکترە وەک لە فارسی، دووەم ئەوەیە کە فەیلی دەڵێن ئێمە کوردین بە کوردییەک قسەدەکەن کە لە دیالێکتەکانی تری کوردییەوە نزیکە.

نووسەر پاش ئەوە باس لە گەشتی ڕەسمی خۆی دەکات بۆ ناوچەی پشتکۆ کە ئێستا بە لوڕستانی بچووک دادەنرێ و بەڵگەی شەخسێتی ئەو گەشتە لە سەر کوردێتی لوڕ دەهێنێتەوە و ئەو قسەی چەند ڕۆژهەڵاتناسیک دەکات بە پاڵپشت بۆ ڕاکەی خۆی و ئەحمەد جەودەتی پاشای مێژوونووسی تورکیشی لە بیرناچێت.

پاشان باسێکی جیاوازی دیالێکت دەکات لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستاندا و دێتە سەر هەندێ نموونەی جیهانیش بۆ ئەو مەبەستە.

محمد ئەمین زەکی چونکە زانستی نوێی کردووە بە پێڕەو ئەوەشی لە بیرناچێت کە سەرژمێرییێکی لوڕ تۆمار بکات و بنوسێ:

ڕۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ (کرزون) ساڵی ١٢٩٨ی هیجری =١٨٨١م ژمارەی لوڕی گەورە و بچووک واتە دانیشتوانی پشتکۆ و پێشکۆ بە (٤٢١) هەزار کەس دادەنێ و دەڵێ(١٧٠) هەزاریان بەختیارین و(١٤٠٠٠) کۆگلوین و (٢١٠) هەزاریان فەیلین، واتە لوڕی بچووکن.

له سـالّی (١٩٠٤) ڕۆژهەڵاتنـاس ڕابینـۆ له ژمـارەی فەیلـی گەڕاوە و گەشـتۆته ئەوەی که (٣١,٦٥٠) خێـزان، واته (٣٠) هەزارکەس له پێشـکۆ و (١٠) خێزان واته (٥٠) هەزارکەس له پشتکۆ دەژین.

ئەم سـەرژمێرییەی محمـد ئەمـین زەکـی له دوو ڕۆژهەڵاتناسـەوه هێناوه، تا سالّی (١٩٠٤) هاتووه ئەگەر ئەوه به پێی سەرژمێریی ئەمڕۆی جیهـان و کـورد بـیکەین، ئەوه ژمـارەیەکی زۆر گەورەترمـان بـۆ دەردەکەوێـت، ئەگەر هەر ئەو ژمارەیەمـان دەسـت کەوێـت که ڕژێمـی فاشستی بەعس له عێراقەوه ڕەوانەی ئێرانی کردوون زۆر لەم ژمارەیه زیاتره.

محمـد ئەمـین زەکـی نـاوی ئەو گەلانه دەبـات که پـێش مـیلاد لەو ناوچەیەدا ژیاون که له سەرەتای میلادیەوه ناویان بووه به لوڕ و خاکیان بووه به لوڕستان.

نووسەر دەڵێ: (سپایزەر) لای وایه که وشەی لوڕ نزیکی نـاوی گەلی (لۆلـۆ)یه که بەشـێک بـووه له گەلی(کاسـی)، هەروەهـا نووسـەر دەڵـێ زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسـانی ئەم گەله له ڕەچەڵەکـی ئـاری(ئیرانی)ن ئەوەش دەڵێت کە(سـپایزەر) لای وایه که خزمـایەتییەکی بەهێز له ڕووی زمـانەوه لەگەڵ میلەتانی قەفقاسدا هەیه.

له سـالّی (١١٣٩)هـ=١٧٢٦م دا ئەشـرەف خـانی ئەففـانی (هەمـران)، کرمانشـا، ئەردەڵان، لوڕسـتانی تەسـلیمی عوسـمانییەکان کـردوو، میـره کوردییەکان تووشـی شـەرمەزاری کرد. پاشـان (تەهماسب قولی) هەمـوو لوڕستانی خستەوه سەر ئێران.

هەر محەمەد ئەمین زەکی دێتەوه سەر زمـانی یەکگرتـوو و جیـاوازی دیالێکت له هەموو زمانێکدا، به دڵنیای دەڵێت: کوردی لوڕسـتان و گـۆران

و بادینان لە یەک دەگەن و پاشان پشتگیری دابەشکردنەکەی شەرەفخان دەکات، کە پشتی بە گەلێک سەرچاوە بەستووە، ئەم باسەی لوڕی نوسی، ئەوسا ئەمین زەگی باسێکی تر بە ناوی دیالێکتی لوڕەوە دەنوسێ و لە پەراوێزدا دەڵێت: ئەم باسە لە منەوە زیاد کراوە، بۆ ئەوەی باسەکەم تەواو بێت، دەنوسێت زۆرم لا باشە کە لێرەدا لە باسی زماندا هەندێک شت لە بارەی دیالێکتی لوڕەوە بڵێم، چونکە گەشتکەر و ڕۆژهەڵاتناسان ئەم دیالێکتە کە یەکێکە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و لەیەکچوونی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، لەبەر ئەوە(ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی) وەک لەمەوبەر باسمان کرد. هیچ شتێکی بە تایبەتی لە بارەی دیالێکتی لوڕەوە نەنوسیوە، بەڵێ بە چەند دێڕێک لە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەڵەی ئەم تیۆرەمان دەرخستووە. گەلی لوڕ لەبنچەدا دەبن بە چوار بەشەوە:

لوڕی ئەسڵی (فەیلی)

ساسانی

گۆگۆیی

بەختیاری

زمانی بەشی یەکەم مەبەستم لوڕی یان فەیلی بچووکە پێمان وایە، کە لە زمانی کوردی ڕۆژهەڵات زیاتر دەچێت وەک لە فارسی، فەیلی خۆیان دان بە کوردێتی خۆیاندا دەنێن و هیچ گومانێکیان لەو بارەیەوە نییە.

ئێستا با لە دیالێکتی سێ بەشەکەی تر بدوێیین.

(ئینسکۆپیدیای ئیسلامی) دەڵێت دیالێکتەکانی ئەم سێ بەشەی گەلی لوڕ وشەی لە یەکچووی لەگەڵ وشەکانی فارسی ئێستادا نییە، بەڵام تیپ و داڕشتنی وای تێدایە کە زۆر دوورن لە تیپ و داڕشتنەکانی زمانی فارسی لە ڕووی وتن و فۆنەتیکەوە (نطق و تلفظ)ەوە، نمونەی ئەوانە ئەمانەن:

ووشەی (میکنم) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە(ئەیکنم)

ووشەی (میخرم) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (ئەیخرم)

ووشەی (آدم)ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (ئادوم)

ووشەی (پل) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (پیل)

ووشەی (می دهم) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (أیدهم)

ووشەی (خانە) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (خونا)

ووشەی (جا) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (جوا)

ووشەی (ایشان) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (إشا)

ووشەی(آنها) ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (إیگال)

ووشەی (أیزا گرفت)ی فارسی لەزمانی لوڕدا دەبێ بە (یوناگرت)

ئەگەر ئەم وشانەی لوڕی لەگەڵ دیالێکتی (سلێمانی) کوردیدا بەراورد بکەین دەبینین جیاوازییان زۆر نییە، کوردی سلێمانی لە جیاتی (ئەیکونەم)ی لوڕی دەڵێن (ئەیکەم، ئەکەم)، لە جیاتی (أیدهم) دەڵێن (ئەیدەم)، هەروەها لە جیاتی (یوناگرت) دەڵێن (ئەمەی گرت)، و لە جیاتی

(ئەیخرم) دەڵێن (ئەیکرم)، هەرچی وتنی (خانە) پێیَ دەڵێن (خونا)، لای وایە ئەنجامی تێکەڵی زۆری لوڕە کە ئەوانەن هەندێ جار (ئەلف) لە وتندا دەکەن بە (واو) وەک ئەوەی لە جێی(نان) دەڵێن (نون)، و (آنها) ئەوان دەڵێن (أونها) و (جان ) (گیان) دەبێت بە (جون)...هتد.

پێمان وایە ئەم جیاوازیانە بەس نین بۆ بڕیاردان لەسەر (ئەتنۆلۆجی) هیچ گەلێک لە جیهاندا.

پاشان (محمد ئەمین زەکی) دەڵێت: "زۆر لەوە ئەچێ کە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە گەڕیدانە هەڵەی زۆریان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ خەڵکی لوڕستان کردبێت، تا بە تەواوی لە قسەیان نەگەشتبێتن و نەیان توانی بێت وشەکان بە تەواوی بڵێن بە ڕاستی لوتفتیان نەکردبێ.

ئەم بڕیاڕانەیان لە کاتێکدا داوە کە بە قولّی نەچوونەتە ناو زانینی دیالێکتەکانی کوردییەوە بە گشتی و زانستی (فیلۆلۆجیش)یان ئەوەندە نەزانیوە، کە لەبەر ڕوناکی ئەودا لەم باسانە بدوێین".

گومان لەوەدا نییە ئەگەر باش لە هەندێ وشەی فارسی ورد ببینەوە لەگەڵ وشە و لق و بەشەکانی زمانی کوردیدا بەراوردی بکەین دەبینین کە لەیەکچوونی وشەکانی ئەم لقانە لەگەڵ وشەی زمانی فارسیدا گەورەتر و زۆرترە وەک ئەوەی لەگەڵ وشەکانی لوڕیدا هەیە. ئەمەش نەخشەیەکی ئەو بەراوردەیە:

| عربي | فارسی | لوری فیلی | لوری لکی | هورامی | کرمانجی شرقی (سلیمانی) | کرمانجی غربی (بهدینانی) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| اذهب | برو | پچو | پچو | رووو | برو | هەرە ، بچە |
| اجلس | بنشين | بنيش | بنيش | بنيشيره | دانيشه | رونه ، رونى |
| فوق | بالا | اوبان | بان | سر | سرو | ژور ، سر |
| العسل | انگبين | عسل | عسل | هنگوين | هنگوين | رەهنگوی ، هنگف |
| البطيخ | خربزه | شامی | خروزه | شوتی | شوتی | زبش ، شمتی ، زيش |
| التين | انجير | اينجير | اينجير | هەنجير | هەنجير | هيژير ، هجير |
| الكمثري | امرود | ئەرمود | امرود | هەرمی | هەرمی | هرمی ، اسگرک |
| التفاح | سيب | سيو | سيف | سيف | سيو | سيڤ |
| الحصان | اسب | اسپ | اسپ | اسپ | ئەسپ | هسپ ، حسپ |
| الشعير | جو | جەوە | جەو | يەو | جو | جە ، جو |
| اتى | مى أيم | ئەتيم | ئەتيم | من مەو | يەم | دەئيم ، تيم |
| انهض | برخيز | ئەلس | افری | هورزه | هەلسه | رابه ، هولو ، ورزه |
| العنب | انگور | ئەنگور | ئەنور | هەنگور | ترى | ترا، ترى |
| الغنم | گوسفند | مى | مى | مەر | مەر | پەز ، پز |
| الزبيب | مويز | مەويژ | مبويز | مى وژ | مى وژ | مويژ |
| ابيع | مى فروشم | ئەفروشم | ئەفروشم | ورەتا | ئەفروشم | دفروشم |
| اليوم | امروز | ويمروژ | ايمروا | ارو | ئيمرو | ايرو ، اورو |
| هذا | امشب | ايمشەو | ايمشەو | ايمشو | ايمشەو | ئيشەڤ ، اوشو |
| المساء | نمى دانم | نازانم | نازانم | مەزانو | نازانم | نزانم ، نوزانم |
| لا اعرف | | | | | | |

(محمد ئەمین زەکی) پاش ئەم نەخشەیە بەراوردی هەندێ لە دیالێکتەکانی تر دەکات ئەوەی پەیوەندی بەم باسانەوە هەبێت ئەوەیە کە دەڵێت: ئەگەر سەیرێکی ئەم نەخشەیە بکەین کە نمونەیەکی بچووک کراوەیە، دەبینین لەیەکچوونی دیالێکتەکانی فەیلی و لەگەڵ دیالێکتە کوردییەکانی تردا زۆرترە، وەک لەیەکچونیان لەگەڵ زمانی فارسیدا، لەم بارەدا ناگونجێ گەلی لوڕ بە فارس دابنێین هەر لەبەر ئەم لە یەکچوونە

بچـوکە لە ڕووی زمـانەوە کە هەنـدێ ڕۆژهەڵاتناسـی گەورە هەن، لـوڕ و کوردی تر لە یەک جیاناکەنەوە.

(ڕاولنـون) کە باسـی دیالێکتەکـانی لـوڕی گەورە و لـوڕی بچـووک دەکات دەڵێ ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن هەر دیالێکتێکی کوردیە، بەڵام لە ڕووی ڕەوشـەوە (نـق) زۆر لێـی جیـایە. لە بـارەی دەسـتەی دووەمەوە دەڵێ: ئەوانە بە دیالێکتێکی نزیک لە دیالێکتی کوردی (کرمانشـا) دەدوێن، بەڵام قســەکەران بە هەر دوو دیالێکـت بە ئاســانی لە یەک دەگەن، دوای ئەمە محەمەد ئەمین زەکی چ بە ڕای خۆی و چ بە ڕای هەندێک گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس دەچێتە سەر باسی کۆمەڵێ دیالێکت کە دوورن لەم باسەی ئـێمەوە، نەخشـەی فراوانـی ئەو عەشـیرەتانە دائەنـێ کە کـوردن و دەستنیشـانی ژمـارەی خێـزان و تـاقە کەسـیان دەکـات و باسـی هەنـدێک تێکەڵـیش دەکـات، بـۆ نمـوونە ئەوەی لە بیرناچێـت کە لە نـاو بەشـەکانی (سنجاوی=سنجابی)دا (ئەرکەوازی=ئەڵکەوازی) و (تکەوەند) بە لوڕ دابنێ، یا ئەوەش دەستنیشان بکات کە (کەلوڕ=کەلهور) هاوینان دەچنە چیاکانی (گوڕســـتان)ی ڕۆژئـــاوا یـــا ئەوەی ڕۆژهەڵاتناســـێک عەشـــرەتی (حلولان=هیلان) بە لوڕ دائەنێ.

مـحەمەد ئەمـین زەکـی لە شـوێنێکی تـری کتێبەکەیـدا فەسـڵێک بـۆ (لوڕستان) تەرخان دەکات و دەنووسێ: لە مێژووی (گوزیدە)دا هاتووە کە گەلی لوڕ دەبێت بە دوو بەش و هەشت دەستەوە لە ژوور ئەوەوە هەژدە عەشیرەت هەبووە. عەشیرەتەکانی ساهی، ئارسان، ئارکی، بیهی بە لـوڕی دەدوان، هەرچەندە لە ڕەچەڵەکدا لوڕ نین.

لـوڕی ئێسـتا (واتە: ئەو کـاتەی کتێبەکە تێدا نوسـراوە، سـاڵی ١٩٣١، دەبن بە چوار بەشی گەورەوە ماماسانی، کو، هگڵویی و لوڕی ئەسڵی.

ئەم کۆمەڵە کوردە، چونکە زۆر لەگەڵ فارس و عەشرەتە ئێرانیەکاندا تێکەڵ بوون دیالێکتەکەیان زۆر لە فارسییەوە نزیک بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا قەوارەی نەتەوەی ئەسلیی خۆیان و ڕەچەڵەکی کوردییان پاراستووە، گەورەترینی ئەم چوار بەشە (ماما سانی)یە، مام حەسەنی دەبیت بە چوار تیرە: باکاش، چاویدی، دشمنزاری، روستەمی.

گۆهگلویی دەبێ بە سێ بەشەوە: ئاغاجاری، باوی و چکی. هەر یەکە لەم بەشە گەورانە دەبێ بە چەند بەش، بۆ نمونە بەشی (ئاغاجاری) لە نۆ دەستە پێک هاتووە، چواریان تورکمانن، کە خۆیان خستۆتە ناو بەشی (ئاغاجاری)ی کوردی لوڕەوە. هەروەها بەشی بەختیاری دوو دەستەی گەورەی لێ دروست بووە: چالنک، هڤتلنک، ئەم دووانەیان ئێستا زۆر بەهێزن، دەستەی یەکەم لە نێوان (بروجرد) و ( گوڵپایکان)دا دەژین، (ڕۆسۆ)ی ڕۆژهەڵاتناس لای وایە کە زێدی عەشرەتەکانی بەختیاری کەوتۆتە دەوری سەبزکۆهـ زەرد کۆهـ شوستی، ئەسفەهان و کرماشانەوە، ژمارەیان سەد هەزار کەس یان سێ سەد هەزار کەسە (کتێبی: کورد)

هەروەها بەشی لوڕی ئەسڵی چواردە دەستەی لێ دروستبوە: تەرخان، دلفان، سلسلە و باڵاگیرایدا. عەشرەتەکانی دوا دەستە لوڕی تەواو ڕەسەنن و بوون بە چەندین لقێکەوە، لەوانە: دیریگوند، سگەوەند ...هتد. وادیارە لقی (دیریگەوەند) بنەچەی گەلی لوڕن، چونکە سەرکردەکانیان لەقەبی (میر)یان هەیە، دەستەی فەیلی (لوڕی ئەسڵی) لە لوڕستان دەژین و خەریکی کار و کشتوکاڵی و ژمارەی گشتییان لە ٥٠ هەزار بۆ ٨٠ هەزار دەچێ، دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە: پشتکۆ و پێشکۆ. هەر یەکێکیان لە نزیکەی ١٧ عەشرەت دروست بووە (ڕۆسۆ).

(مسیۆ جونیئان) ئەم عەشرەتە لوڕانەی بەم جۆرە ڕێکخستووە: عەبدوڵاوەند، شێخاوەند، کاکاوەند، گڕوسی، کیساند، ورمزیار، زەهراوەند، باجلوند، جلیوند، کەلهوڕ، مافی، قەرەزنجیری و زەنگەنە.

عەشرەتەکانی (لەک)یش بەشێکە لە بەشەکانی گەلی لوڕی گەورە، کە ئەوانیش کوردن، لە ل١١، ١٢دا دەڵێ لە ئەسڵدا ١٠٠ هەزار کەس بوون، لەبەر ئەوە ناونران (لەک). (محەمەد ئەمین زەکی) لە پەڕاوێزدا دەنوسێ: (لەک) لە زمانی فارسیدا بە مانای (سەد هەزار)ە دیارە ئەمین زەکی نەیویستووە ئەوەش بنوسێ کە عەرەبی بەغداد ووشەی (لوک) بەرامبەر بە (هەزار) بە کار دێنن.

هەر لە درێژەدان بەم باسە. (ئەمین زەکی) نوسیویەتی: ئەم عەشیرەتانەی ئێستا لە باکووری (لوڕستان) دەژین لەگەڵ عەشیرەتەکانی تری لوڕ تێکەڵ بوون.

(ڕابینۆ)ی ڕۆژهەڵاتناس بەشەکانی (سلسلە)، (دلفان)، (باجەلان )، (زەند)، (مافی) و (زەند یوکالە)ش بە تیرەی سەر بە (لەک) دادەنێ و ڕۆژهەڵاتناس (شیند لد) کەریم خانی زەند بە کوڕی تیرەی (زەن یوکالە) دەزانێ و زانیاریی زیاتر لە سەریان دەدا، هەروەک ئەمین زەکی وا دائەنێ کە عەشیرەتەکانی لەک لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی باکووری (لوڕستان) دەژین کە (لەکستان)یشی پێ دەڵێن. ئەگەر بە ووردی کتێبەکەی ئەمین زەکی بخوێنینەوە ئەوا چەند نەخشە و سەرژمێرییەک لە بابەت لوڕی گەورە و لوڕی بچوکەوە دەبینین کە لە زۆربەیاندا پشت بە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا دەبەستێ و بە ڕای ئەوان، خۆی ئەمانە هەموو کوردن و هەندێ ڕووداویش لە بارەی شەڕ و شۆڕ و کۆچکردنیان بۆ شوێنی تر دەگێڕێتەوە.

بـابه تـایەر: دەتـوانین بڵێـین دیـالێکتی لـوڕی کـۆنترین دیـالێکته که شیعری پێ نوسرا بێ – مەبەستمان شیعری نوسراوە، که پاش (فۆلکلۆر) و ئەدەبی میللی هاتووە.

له نـاو ئەو شـاعیرە دیـارانەی لـوڕدا مەلای پەرێشـان به کـۆنتر دادەنرێت، که ڕای جیاواز له بارەی ساڵی له دایکبوون و سـاڵی مردنـی هەیه، بەڵام یەکەم شاعیری گەورەی کوردە، که به لوڕی نوسیویەتی بـابه تایەری عوریانی هەمەدانییه.

کۆمەڵێک سەرچاوە له بارەی بابه تایەرەوە هەن، بەڵام لێرەشـدا زۆر هۆ پاڵمـان پێوە دەنێت که هەر بچینه سـەر ئەوەی مـحەمەد ئەمـین زەکـی نووسیویەتی، ئەو مێژوو نووسه گەورەیه دەڵێ:

بـابه تـایەر سـۆفی و دەروێش و زانـا و شـاعیرێکی زۆر بەرز بـووە، وەک (ڕەزا عەلـی خـان) دەڵێـت ئەو له سـەردەمی دەسـتەڵاتی حکـومەتی (دەیلەمی)دا ژیاوە، ساڵی ٤٠ی هیجری کۆچی دوایی کردووە.

لێـرەدا بــۆ ئەم باســەی بــابه تــایەر و ســەرچاوە کوردییەکەمــان دەستکەوت لەبەر ئەوە له وەرگێڕانه عەرەبییەکەی کتێبی (مشاهیر الکرد و کردستان فی الدور الاسلامی) یەوە که سایحەی کچی نوسـەر کردویەتـی به عەرەبی وەرمانگرت.

مانای شیعر و غەزەلیاتی تەمـاوییه و به عـادەتی مرۆڤ تێی ناکات. وتــوویەتی: (مــن دەریــایەکم له دەڤەرێکـدا بــاڵام (قــد) هەزارە چــووە به هەزاری تردا). (میرزا مەهدی خان، ئەمه وا لێکدەداتەوە (الف قد) (٢١٥)یه و (دەریــا) به پێــی تیپــی ئەبــجەدی تیپەکــانی لەگەڵ نــاوی (طــاهر) یەکدەگرێتەوە، ئەگەر (الف قد)مان خسته سـەر که دەکاته ٢١٥ که دەچێته سەر الف دەکاته ١١١ ئەوا ٣٢٦ دەردەچێ و بەم جۆرە الف خستنه سـەر

(الف قد) لە لامان دەبێتە مێژووی لە دایکبوونی بابەتە تایەر کە ساڵی ٣٢٦ دەردەچێ.

کتێبی (راحت الصدور) شتێک باسی مێژووی ژیانی دەکات کە زانیاریی زۆر ڕاست نین، بۆ نمونە دەڵێ: کە گو غرول بەگی سوڵتانی سەلجووقی ساڵی (٤٤٧ ی هیجری) چووە هەمەدان و بابە تایەر بۆی نووسی "ئەی تورک هاتویتە ناو ئیسلامەوە چی بکەیت" ئەم ترساندنە زۆر کاری کردووتە سەر گو غرول بەگ. ئەم گێڕانەوەیە لە کاتێکدا کەوا زانراوە لە کاتی حکومەتی دەیلەمی و هەندێ لەوانەدا ژیاوە کە سەر بە دەیلەمییەکان بوون، دەسەڵاتیان بە سەر هەمەدان هەبووە، کەواتە بابە تایەر لەگەڵ (ئبن سینا)دا ژیاوە (کە ساڵی ٤٢٨ی هیجری) کۆچی کردووە، بەڵام گێڕانەوەکەی (راحت الصدور) بابە تایەر دەکات بە هاوچەرخی نصیرالدینی طووسی (کە ساڵی ٦٧٢ی هیجری) کۆچی کردووە و ئەمەش هەڵەیەکە لە خوێنەر نا شاردرێتەوە. ئەو شوێنەوار و بەڵگانەی ئێستا لەبەر دەستان جارێک بابە تایەر دەکەن بە هەمەدانی و جارێک بە لوڕ.

بە پێی قسەی ئەوان ڕەنگە ئەم کەسە لە عەشرەتی (لوڕ) بێت و لە (خوڕەم ئاباد)یش گەڕەکێک بە ناویەوە هەیە، زیارەتگاکەی لە باکووری ڕۆژئاوای شاری (هەمەدان)ـە، لە سەر گردێک لە بەردەمی بازاڕدا نزیک ئەو خوشکی بە وەفای کە زۆری خۆشویستووە (فاتیمە)یە.

زمانەکەی زمانی هەمەدانیان و لوڕستانیانە، لە نێوان ئەم دوو زمانەدا دیالێکتی جیا جیا هەیە، ئەوەی کە (نام = نوم، رەفتەم = رەفتوم) بەکاردەهێنێ ئەوە لە لوڕستانیەکان دەچێ، ووشەی (واج = قسە، کار= کردن) لە دیالێکتی بەشی ناوەڕاستی ئەم سێ بەشەی تری کوردی دەچێ، هەرچی واتەی (میکرو= ئەیکا، ئەیە = دێت) ئەوا لەناو گۆڕانەکاندا بڵاوە.

هەنـدێک ڕۆژهەڵاتنـاس هەوڵـی زۆریـان داوە کە چوارینەکـانی بـابە تـایەر کۆ بکەنەوە، بۆ نموونە (مسـتەر هـورت- huart) لە سـاڵی ١٨٨٥دا هەوڵـی زۆری داوە تـا (٩٥) چـوارین و لە سـاڵی ١٠٠٨دا (٢٨) چـوارین و غەزەلێکی دۆزیەوەتەوە. لەمە زیاتر مسـتەر (ئی. هیرن) (e.heran) توانی سێ چوارینی تر بدۆزێتەوە و لە کۆتاییدا خاوەنی کۆمەڵەی (ئەرمەگان)ی فارسی (حسێن واحید دەستگردیی ئەسفەهانی) لە سـاڵی ١٣٠٦ی ئێرانی (١٩٢٧)م دا تـوانی دیـوانی بـابە تـایەر بڵاوبکـاتەوە، کە (٢٩٦) چـوارین و چوار پارچە غەزەل بوو. خاوەنی ئەو کۆمەڵەیە پاشکۆیەکی بۆ دیوانەکە دروسـت کـردووە، کە بـریتییە لە (٦٢) چـوارین لە شـوێنی جیـا جیـا دەستیکەوتووە. هەر وەک (هەرون ئالان) سێ چوارینی خستۆتە سـەر ئەم دیوانە بە پێی تیپی هیجا ڕێکخراوە بەڵام چاپکەر باسـی ئەو سـەرچاوەیە ناکـات کە بە دەستنووسـی دەسـتیکەوتوە، زۆربەی ئەم چوارینـانەی دەدرێنە پاڵ بـابە تـایەر باسـی چیاکانی (ئەڵوەند) و (میمنە) دەکەن، بەڵام ئەو (٥٩ ) چوارینەیەی لە لایەن (هیرت)وە کۆکراوەتەوە و بڵاوکراونەتەوە تێگەیشتنیان گرانە و لە مەتەڵ دەچوو، خوێنەر بە تەواوی بیری سۆفی یا خۆشەویستی و عەشقی ئەو جیا ناکاتەوە، (٢٣) چوارین مرۆڤ دەجوڵێنێ و پڕن لە ئیلهام و دوان نزا و موناجاتیان تێدایە و ئەوانیتر دێڕی کەسـی و وەسـفین، وا دەردەکەوێ کە لێکـدانەوەی ئەم دوانە لە لایەن (جـان بەگ عەزیز)ەوە بووە، کە لە شەواڵی ساڵی ٨٨٩ی هیجریدا دەستی پێکردووە و هەتا ٢٠ی شەعبانی ساڵی ٨٩٠ی هیجری ئەوسا تەواوی کردووە، دەڵێن لە سەر داواکردنی شێخ (ابوالبکاء) دەستی داوەتە ئەم لێکدانەوەیە، ئەمەش هەر بە داوای بـابە تـایەر خـۆی بـووە، پاشـان (ابو البکـاء) ئەم شـەرحەی هەڵگرتووە و فڕێیداوەتە (بیری زەمزەم)ەوە لە (مەککە) کەسیش نـازانی چۆن ئەم بەرگە دەستکەوتۆتەوە، سایکۆلۆجیی (بـابە تـایەر) و فەلسـەفەی ئەو لە سـایکۆلۆجی (عـومەر خەییـام) تەواو جیـایە کە ئەو سـاڵی ٥١٧ی هیجری کـۆچی کـردووە، بـابە تـایەر خۆپەرسـتی (nedonism)ی عـومەر

خەییام و گوێ بە شت نەدانی ئەو لە بارەی هەڵسوکەوتی بەخت و سەرەنجامی لانەبوو، خەییام دوور بوو لەو مەشخەڵی سۆفێتییەی لە دڵی بابە تایەردا بووە.

ڕەنگە باشترین و خۆشەویستترین سروشتی بابە تایەر نەرمیی هەست و نەرمی تەشبیهەکانی و نەخشە کێشانی بێت بۆ بەڵا و ئازار بە شێوەیەکی تایبەتی کە گوێگر چێژی لێ دەبینێ و بە سەریدا زاڵ دەبێ، ڕۆژهەڵاتناس (فیتز جراڵد) بابە تایەر کەسێک بوو کە ئاشکرا تەنگی بە عومەری خەییام هەڵچنی بوو.

هەر وەکو زوربەی شاعیرە سۆفییەکانی ئەو سەردەمە کە بە وەلیی خوا ناسراون وەک (عەطا، جەلالەدینی رۆمی، حافزی شیرازی)ئەو کوڵەکە یەکە لە کۆلەکەکانی لەگەڵ دیوانی (بیبی فاتمە)ی خوشکی یا (فاتمە لەیلا) لە لای ئەوانەی سەر بەم باوەڕەن زۆر بەڕێزە.

ئەم دێڕانە لە غەزەلی ئەون:

دلم کز عشق خوبان کچ و بێجی

مژده برهم زغم خونا بەری حی

دل عاشق و سانی چوپی تر بی

سری سوجیە سر خو نابە اری جی

نسیمە ی کز نیا ال کاکل اب

مرا خوشتر ز بو ی سنبل ایە

که شەو گیرم خیالی تودر اغوش

سحر از بسترم بوی گل ابە

## ئەنجام

1. ژمــارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناســەکان، لە مێــژووی جیاجیــادا لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، گەشتیان بە ناو کوردستاندا کردووە و لە هەمــوو ڕوویەکەوە لێکۆڵینەوەیــان لەبــارەی مێــژووی کــورد ئەنجامداوە، یەکێک لەو ڕووانەش زمانی کوردی و زارەکانی، ڕەگ، ڕیشــە و ڕەســەنی. ڕیــچ، ئەدمــۆنس، مینۆرسـکی، ڤاسـیلی نیکیتـین، ئەلکسەندەر ژابا، گارزۆنی، لیرخ، زۆری تریش لە زانا و گەڕۆکەکان، سـەلماندویانە کە ئەو زمـانەی لوڕەکـان قسـەی پێدەکەن، یەکێکە لە زارەکــانی زمــانی کــوردی و ســنوری شــوێنی نیشتەجێبونیشــان دیاریکردوون.

2. بێگومان ئەم گەڕۆکانە هەموویان دوای شەرەفخان دەستیانکردوە بە لێکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بە مێژوی کورد و زمانی کوردی.

3. ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، د.کەمال فوئاد، زوبێر بیلال، فوئاد حەمە خورشید، د. عیزەدین موستەفا ڕەسول و ژمارەیەکی تریش لە ڕۆشنبیرانی کورد، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بەڵام شتی نوێیان نەهێناوە و هیچیشیان زیاد نەکروە، تەنیا سوودیان لە زانیارییەکانی ئەو گەڕۆکانە وەرگرتوە، چونکە گەڕۆکەکان بە پێ مەســحی ناوچەکەیــان کــردووە و زانیارییەکانیــان بە شــێوەیەکی مەیدانی بە دەستهێناوە، هەر بۆیە پەسەندترن.

## ڕاسپاردەکان

١. یەکێـک لەو کەنـاڵانەی کە دوژمـن لە ڕێـگەیەوە ڕەگـی دوبەرەکـی ئەخاتە ناو میلەتێکەوە، زمان و زارەکانێتی، بەتایبەتی بۆ میلەتێکی بێ دەوڵەتی دواڕۆژ نادیاری وەک میلەتی کورد، کەواتە تا زووە، ئەرکی سەرشانی هەمو کوردە بە گشتی و ئەکادیمیای کوردییە لە هەولێر بەتایبەتی، کە پڕۆژەیەک دابنێن، تایبەت بە ساغکردنەوەی زارەکانی زمـانەکە و هەوڵـدان بـۆ ڕێکەوتـن لەسـەر هەڵبژاردنـی یەکێـک لە زارەکـانی زمانەکەمـان و کردنـی بە زمـانی سـتاندارد، بەمەش ڕێـگە نادرێت بە دوژمن گەمە بە دوا ڕۆژی گەلەکەمان بکات.

٢. زمـانی کـوردی پێویسـتی بە هەر زاراوەیەکـی نـوێ بـو، پێویسـتە لە ڕێگەی پسپۆڕی زمانەوە لە ئەکادیمیـای کوردی بڕیـار بدرێت، کە لە یەکێک لە زارەکانی زمانەکە بدۆزرێتەوە، لە باتی پەنابردن بۆ وشـەی بێگانە.

٣. تێکەڵبـونی قسـەکەرانی زارە جیاجیاکـان، جـا لە ڕێـگەی ئـیش و بازرگـانییەوە بێـت یـان لە خوێنـدنەوە بێـت، یـانیش لە ڕێـگەی گەشتوگوزارەوە.

## پەراوێزەکان

(١) لوڕ، دانیشتوانی هەرێمی باشوری کوردستانی ئێران، ڕۆشنبیری نوێ، زبێر بیلال ئیسماعیل، ژ١١١، ساڵی١٩٨٦.

(٢) مێژووی کورد، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، سایتی کورد، کەیفی عومەر ٢٠١٦/٣/٩.

(٣) دکتور هەژار لە پەراوێزدا باسی (زوبدە توازیخ)ی کردووە (د. هەژار، ل٢٦)

## سەرچاوەکان


- ئیرەج محەرر، (١٣٧٣)، ژن لوڕ لە بەڵگە نامەیل تاریخی، ئاوێنە، ژمارە (١٧-١٨)، کرمانشاه.

- ئەحمەد شەریفی، (١٣٧٣)، لهجە ازلی کرمانشاهی، ئاوێنە، ژمارە (١٩)، کرمانشاه.

- بیبلۆگرافیای کوردناسی، کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، ٢٠٠٩، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- توفیق وەهبی، (١٩٥١)، ئەشکەوتەکەی گەندۆک، و. بەکر دلێر، بەغدا.

- جەمال نەبەز، (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتوی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە شاری بامبێرگ، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

- حەسەن سەڵاح، (١٣٧٢)، زاراوەی کەلڕی دیرامەدی کرماشان، ئاوێنە، ژمارە (٦٣)، کرمانشاه.

- حشمت الله طبیبی (١٣٧٦)، من توام هەمیشە لەبارەی کرماشان بویشم، ئاوێنە، ژمارە (٢١-٢٢)، کرمانشاه.
- رؤوف احمد ئالانی، (١٩٨١)، کێشەیەک لە رێزمانی کوردیدا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، بەغدا.
- زبیر بیلال اسماعیل، (١٩٨٥)، مێژوی زمانی کوردی، و. یوسف رؤوف علی، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، بەغدا.
- شەرەفخانی بدلیسی، ١٥٩٧، شەرەفنامە، وەرگێرانی بۆ کوردی ١٩٧٣، هەژار، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
- عبدالمحسن بنی وەیس، (١٩٨٨)، گەردانەی ئەڵوەن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.
- غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، فۆنەتیک، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.
- فوئاد حمە خورشید، (١٩٨٦)، لوڕ، دانیشتوانی هەرێمی باشوری کوردستانی ئێران، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١).
- کەریم زەند، (١٩٨٦)، زەوی شناسی- لوڕستان، نوسەری کورد، ژمارە (١)، خولی سێیەم.
- کەمال فوئاد، (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نوسینیان، گۆڤاری زانیاری ژمارە (٤).
- نعمت علی سایە، (١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەسێر، فەرهەنگی کوردی/عەرەبی/ زاری کەلهوڕی، بەشی یەکەم، بەغدا.

- نعمـــت علـــی ســـایە، (١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەســـێر، فەرهەنگـــی کوردی/عەرەبی/ زاری کەلهوڕی، بەشی دووەم، بەغدا.
- نعمـــت علـــی ســـایە، (١٩٨٨)، گەوهەری گەرمەســـێر، فەرهەنگـــی کوردی/عەرەبی/ زاری کەلهوڕی، بەشی سێیەم– بەغدا.
- نعمت علی سایە، (١٩٨٨)، کار لە زاری کەلهوڕیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٠)، بەغدا.



## Abstract

Researching and scrutinizing the dialects of languages is an absolute nonpolitical act, but for a nation like Kurds, like it or not automatically converts to a political act because the geographical border of the Kurds has not been settled yet. Therefore, in order to establish our future state borders, we need thoughtful attempts towards scientific research in the Kurdish language and its dialects.

non-determination of the Kurdish Language Dialects before establishing a state for Kurds marks the foundation of creating conflicts among the speakers of the different Kurdish Dialects, and it may end with an interior war.

Lwri Dialect is been named as one of the dialects of the Persian language by some linguistics and historians because of having several mutual words or some sort of similarities in the rules of forming a sentence. These two phenomena is very common among the languages of the world, if we even take the Persian

language as an example hundreds of Arabic, English, French, Turkish and Azari words can be observed or found in the Persian language.

On the other hand, some of the linguistics named Lwri Dialect as an independent language, they claim that the Kurdish and Persian languages are cousins (belong to one family) and they are Hindu-European, Lwri is the third cousin in the same family.

Sharafkhan Bidlisi is his masterpiece “Sharafnama” analyses the history and the place of the Lwri Dialect according to geographical locations in a scientific way, he has tried to demonstrate the facts as its to count this dialect as one of the dialects of Kurdish language in order to disprove the notions of some linguistics being revealed for political or personal reasons.

**المقدمة**

البحث والتدقيق في لهجات اللغات هو عمل غير سياسي بشكل مطلق، ولكن بالنسبة لشعب مثل الشعب الكوردى، سواء أن اعجبتنا او لا فإن الموضوع يتحول تلقائيًا إلى منطلق سياسي ذلك بسبب أن الحدود الجغرافية للكورد لم يتم تسويتها بعد. لذلك من أجل تحديد حدود دولتنا المستقبلية، نحتاج إلى محاولات مدروسة من خلال البحث العلمي باللغة الكوردية ولهجاتها.

إن عدم تحديد لهجات اللغة الكوردية قبل إقامة دولة للأكراد يمثل الأساس لخلق صراعات بين المتحدثين باللهجات الكوردية المختلفة، و خطورة ذلك قد ينتهي بحرب اهلية.

تم تسمية لهجة اللورية كواحدة من لهجات اللغة الفارسية من قبل بعض اللغويين والمؤرخين بسبب وجود العديد من الكلمات المتبادلة أو نوع من التشابه في قواعد تشكيل الجملة. في الحقيقة هاتان الظاهرتان شائعتان جدًا بين لغات العالم، فعلى سبيل المثال إذا أخذنا اللغة الفارسية كمثال يمكننا ملاحظة أو العثور على مئات من الكلمات العربية والإنجليزية والفرنسية والتركية والأزارية في تلك اللغة.

من ناحية أخرى، بعض اللغويين يسمون لهجة لورية كلغة مستقلة، يزعمون أن اللغات الكوردية والفارسية هم أبناء عم (ينتمون إلى عائلة واحدة) وهم هندو أوروبيون و بأن اللورية ابن العم الثالث في نفس العائلة.

شرفخان بيدليسي فى "شرف نامة" يحلل تاريخ ومكان لهجة اللورية وفقًا للمواقع الجغرافية بطريقة علمية وقد حاول إثبات الحقائق من اجل اعتبار بأن هذه اللهجة واحدة من لهجات اللغة الكوردية لدحض مفاهيم بعض اللغويين الذين يحاولون بإبعاد هذه اللهجة عن اللغة الكوردية لأسباب سياسية أو شخصية.